Peyam

ژمارە (٦٥) | یەك شەممە | ٢٧ی موحەرەم/ ١٤٣١ | ١٢ی بەفرانباری ٢٧١٠ | ٢٠١١/١/٢

## گۆزە

# لەنێوان ئەوقافو یەکێتی زانایان



سەرنووسەر

کاتێك هەواڵێك بلاودەکرێتەوە، کە رەخنە بێت لە ئەدای وەزارەتێك یان بەرێوەبەرایەتییەك، ئەوە بۆ راستکردنەوەی شتەکانە یان روونکردنەوەیە، ئەنجامەکەش بۆ ئەوەی لەچوارچێوەی روونکردنەوەکان هاولاتییانو مامۆستایانی ئایینی سوودمەند بن، قەتیش بۆ ئەوە نییە، کە تەعن لەیەك بدرێتو، یەکێك وا تێبگات، ئەوە لەیەك دانە، دەبێ بە ئەقلێکی گەورە بیر بکەینەوە، چونکە ئەوقافو یەکێتی زانایان هەمیشە تەواوکەری یەکترینە، لە هەر شوێنێك تەبایيو هەماهەنگی باش لەنێوانیان هەبێت پرۆسەکە زۆر سەرکەوتووە، لە شوێنێك پەیوەندی نەبێت یان لاواز بێت، ئەوە کارەکان بەجوانی بەرێوە ناچن، هەموومان دەزانین لەو شوێنانەی لقەکانی زانایانو بەرێوەبەرایەتییەکانی ئەوقاف هەماهەنگیان هەیە، جوانترین پەیامو کار پێکەوە پێشکەش دەکەن، بۆیە پێویستە بەو ئەقلیەتە ئیش بکرێت، کە هیچیان بۆ تێکەڵکردنی دوو کارەکەو، بۆ لەیەك دان نییە، بۆیە ئێمە پەیامی مامۆستایان زۆر بەروونی بلاودەکەینەوە، بۆ ئەوەی بتوانین پێکەوە خزمەت بکەینو، لەچوارچێوەی یاسای تایبەتی هەر شوێنێکیش دەرنەچێت، نەك خوانەخواستە تەدەخول بێت، ئەگەر رۆژنامەش رەخنە نەگرێت، یان کەمو کوڕیەکان باس نەکات ئەوە داخرانی باشترە. بەکوردیو بەکورتی پێویستە باشترین هەماهەنگی لەنێوان ئەو دوو دەزگایەی زانایان هەبێت، کە رەخنەیەکیش دەخرێتە روو پێویستە بەدوای چارەسەر بگەڕێین، نەك وەبزانی ئەوە دژتە پێویستە تۆڵە بکەیتەوە.

## کوڕی مەلا ساڵحی ئاختەتەری بۆ پەیام:

# باوکم خزمەتێکی زۆری کرد، بەڵام رێز لە ماندووبوونەکەی نەگیرا





**پەیام- پیرانشار:** ئەوەی رۆژەی بەرەو شاری خانێ بەرێکەوتین، لە یەکێ لەچێشتخانەکانی ئەو شارە لاماندا، یەك لە کارمەندەکان زۆر بەرێزەوە بەرەو پیری زانایان دەهاتو، زۆریش بەجوانییەوە خزمەتی دەکردن، خۆیم لێ نزیك کردەوەو پرسیارێکم لێ کرد، ئەرێ بەداوای لێبوردنەوە دەکرێ بزانم تۆ کێیت؟ زۆر بەهێمنانە پێکەنیو گوتی: من کوڕی مەلا صالحی ئاختەتەریمو کارمەندی ئەو چێشتخانیەم، پێم سەیر بوو، چونکە بیستبووم مەلا ساڵحی ئاختەتەری یەکێك بووە لە زانا قارەمانو خەباتگێڕەکانی گەلی کوردو یەکێکیش بووە لەوانەی وەك مەلایەك چەنکی بەرگری هەڵگرتووەو لەکێوەکان هاوشان لەگەڵ پێشمەرگە سەنگەری گرتووە.

ئیبراهیم مەلا ساڵح ئاختەتەری هاتە قسە گوتی: ئێستا بەدیتنی ئێوە گریانم دێت، چونکە باوکم دۆستو ئازیزی مەلا مستەفای بارزانیو جەنابی کاك مەسعود بوو، کەچی ئێستا کەس ئاوڕمان لێ ناداتەوە، منو دایکمو خانەوادەکەم لە خانووێکی بچوکی بەکرێ داینو دایکیشم لەسەر جێگە کەوتووە، هیچ موچەیەکیشمان نییە، بۆیە بوومەتە کارمەند لێرە، تا بژێوی ژیان پەیدا بکەمو خزمەتی ماڵەوەم بکەم.

ئەو کوڕەی مەلا ئاختەتەری گوتیشی: هاتمەوە کوردستان دوو نامەم پێ بوو کە یەکیان هی مەلا مستەفا بارزانی بوو، ئەوەی تریان هی کاك مەسعود بوو، کە هەردووکیان بۆ باوکمیان نووسیووە، کەچی لە هیچ شوێنێك دەرگەمان لێ نەکرایەوە، ناچار بووین بگەڕێینەوە خانێو هەر لەوێش بمێنینەوە.

هەروەها گوتی: هیوادارم ئێوە پەیامی ئێمە بگەیەننە سەرووی خۆتان، تا کەمێك ئەمەکی ماندوو بوونی باوکمان بدرێتەوە، چونکە هەست دەکەین رێز لە ئەرکو خەباتی باوکمان نەگیراوە.

جێی ئاماژە پێدانە مەلا ساڵح رحیم ئاختەتەری یەکێك بووە لەقازیەکانی شۆڕشو دۆستی نزیکی مەلا مستەفا بارزانیش بووەو وەك خەباتگێڕێکی ناودارو زانایەکی ئایینی ناوداری کورد ناسراوە، لەرۆژی هەینی رێکەوتی (١٩٩١/٥/١٠) لەپیران شار (خانێ) کۆچی دوایی دەکاتو لەگۆڕستانی ئەم شارە دەنێژرێ.

## لە هەولێرو دەوروبەری گوێبیستی رادیۆی ژیان بە

Jiyan

بەمەبەستی پتر دەوڵەمەندکردنی راگەیاندنی ئایینی، یەکێتی زانایان هەڵستا بە کردنەوەی رادیۆی ژیان بۆ ناو هەولێرو دەوروبەری، پشت بە خوا لەداهاتوودا پەخشی دەگاتە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان.

ئێستا لە (FM 94.5) لە هەولێرو دەوروبەری گوێ لەرادیۆی ژیان بگرە.

# فیلمێکی ئەمریکی ناوی (محمد) دروودی خوای لەسەر بێت لە ئینجیلی کۆن ئاشکرا دەکات




بەم دواییانە فیلمێکی ئەمریکی لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت بلاوکرایەوە، لەژێر ناونیشانی (راستی هەر سەردەکەوێ)، کە باس لە ناوی پێغەمبەری ئیسلام محەمەد (دروودی خوای لەسەر بێت) دەکات، کە لەناو دەقێکی ئینجیلی کۆنو، ئێستا لابراوە.

بەگوێرەی فیلمەکە، ناوی (محمد) دروودی خوای لەسەر بێت لەناو گرنگترین بەشی ئینجیلدا هاتووە، کە پێی دەوترێ (سروودی سولێمان) یان (سروودی سروودەکان- شیرها شیرین)و، وەك راستییەکی بەڵگەنەویست هەموو ئەو قسانە بە درۆدەخاتەوە کە نکۆڵیان لەناو هێنانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) دەکرد لەئینجیلدا.

ناوەکە کە بەم جۆرە هاتووە: (میم. حیگ. میم. والت) لەکاتی لێکدانو خوێندنەوەی پیتەکانی وەك خۆی، کە پیتە (عیللە)کانی لێدەکرێتەوە، رێك دەبێتە ناوی (م.ح.م.ت)، کە ئەمەیش بەپێی قاموسی (بن یەهودا) ناوی پێغەمبەری ئیسلامەو، دەگوترێ: (محمت) یان کە وەك لەزمانی عەرەبی پێی دەگوترێ: (محمد) دروودی خوای لەسەر بێت.

شایانی باسە: فیلمەکە بەشێوازێکی جوانی شیکاری ئەم وردەکاریانەی روونکردۆتەوە، ئەمە جگە لەوەی کە بەشێوازی (World Lingo)ی باوەرپێکراوی جیهانی، لەزمانی عیبریەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئینگلیزیو، هەر کەسێك ئارەزووی بێت دەتوانێ تەواوی فیلمەکە بەم لینکە ببینێ:

http://www.archive.org/details/the.a..abicsubtitles

# خواردنی حەرام دڵ لاواز دەکات

بەپێی هەواڵێکی ماڵپەڕی (ریاز) گەورە موفتی سعودی (شێخ عبدالعزیز بن عبدالله ال شیخ) لەوتارێکدا دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە، کە سستی کردن لەخواپەرستیو بەجێ نەگەیاندنی واجباتەکان مرۆڤ لە خودا دوور دەخاتەوە، هۆکاری ئەو سستیەشی گەڕاندەوە بۆ خواردنی حەرامو هاورێیەتی کردنی مرۆڤی خراپ، کە ئەمەش بۆ خۆی بەلایەکی گەورەیە، چونکە سستی کردن لەعیبادەتەکان لە کردەوەی موونافیقانەو، دوورە لەرەوشتی مرۆڤی بڕوادار.

ناوبراو راشیگەیاند: کە حەرام خواردن هۆکارێکی سەرەکییە بۆ رەقبوونی دڵو لاوازی بەرامبەر بە کردەوە خواپەرستیەکان، هەروەها دەبێتە هۆی لاوازی هەستو نەستو تێك چوونی باری دەروونی.

لەدوا وتەشی بەرێزیان گوتی: ئێمە هەموومان بەندەی خواینو هەر ئەو خودایەی لە نەبوون ئێمەی هێناوەتە بوون، بێ شك کە کاتێکی دیاریکراوی بۆ ئێمە داناوە بۆ گەڕانەوە، بۆیە با ئەو تەمەنە کورتە تەرخان بکەین بۆ رەزامەندی خوای بالا دەست.

# کچانی بەریتانیا لە سەلامەتی خۆیان دەترسن!



بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵەی خێرخوازی بەریتانی (بلان یوکیە)، کە لە زۆرینەی شارەکانی بەریتانیا ئەنجامدراوەو، لەگۆڤاری (غاردیان) بلاوکراوەتەوە، دەرکەوتووە کە کچانی بەریتانی لەتەمەن (١١-١٨) زۆرینەیان هەست بە ئارامی ناکەنو، لە سەلامەتی خۆیان دەترسن، کە هێرشی سکسیان بکرێتە سەر، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کوڕە گەنجە رێگرانەی، کە دەستدرێژی دەکەنە سەر کچانو ئەو نەریتە بۆتە پیشەیان.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر نزیکەی (٥٠٠) کچی بەریتانی لەشارە جیاجیاکانی ئەو ولاتە ئەنجامدراوە، وەك: شاری (لندن، برمنغهام، مانشستر، شیفیل، بریستول، لیدز، لیڤەرپول....).

هەر لەو لێکۆڵینەوەیەدا نزیکەی (٨٥٪) کچان دەریان خستووە، کە بوونی هێزی ئەمنی لەسەرجەم کوچەو کۆلانەکانیان دەبێتە هۆی ئارامیانو هەروەها نزیکەی (٩١٪)ی کچان رووناکی ناوچەکەیان بەشەوان بە هۆکاری ئارامیو سەلامەتی خۆیان دەزانن.

لەکۆتایدا ئەو کۆمەڵەیە داوای لە لایەنی پەیوەندیدار کرد، کە تا زوە چارەسەرێك بۆ ئەم کچانە بدۆزێتەوەو دەروونیان لە ترسو دڵەراوکێ رزگار بکات.

## بۆ ماوەی یەك هەفتە لافیتەیەك هەڵدەواسێ:

# هەرکەسێك ناوی (محمد) بێت بڕوای پێ مەکە




لەبێزراوترین کاری رەگەزپەرستیو دوژمنکارانەیدا بەرامبەر بە موسڵمان، ئەندامێکی ئەنجومەنی شارەوانی شاری (داکۆتا)ی ویلایەتی (نیبراسکا)ی ئەمریکا، کە ناوی (بۆب لان)ەو ناسراوە بە دژایەتی زۆری بەرامبەر بە ئیسلامو موسڵمانان، بۆ ماوەی یەك هەفتە لافیتەیەکی لەنزیك بالاخانەیەکی خۆیەوە –کە دەکەوێتە نێو چەقی قەرەباڵغی شارەکە- هەڵدەواسێو، وەك بێزێیەك بەرامبەر بە موسڵمانو پێغەمبەرەکەیان، لەسەری دەنوسێت: (هەرکەسێك ناوی (محمد) بێت بڕوای پێ مەکە)!!.

شایانی باسە: ئەم کارەی ناوبراو جگە لەوەی بووە مایەی بێزاریو هەراسانکردنی موسڵمانانی ولاتەکە، هەندێك لە دانیشتوانی شارەکەیش لای خۆیانەوە بۆ دەزگاکانی راگەیاندن ئەوەیان دووپاتکردەوە: کە کاری وا خزمەت بە ئەمریکا ناکات، بەڵکو هانی توندوتیژیو نانەوەی ئاژاوەی لێدەکەوێتەوە، بەتایبەتیش کە ئەم کارە کەسێکی ناسراوو کاربەدەستی شارەکە پێی هەڵساوە.

# سەرۆکی ئەڵمانیا: ئیسلام بەشێکی دانەبڕاوە لەئەڵمانیا

لە لێدوانێکی تایبەتی خۆیدا سەرۆکی ئەڵمانیا کریستیان فولف لە بەرلین رایگەیاند، کە پێکەوە ژیانی ئایینی لەولاتەکەی شتێکی حەتمیەو دەبێ بوونی هەبێ، هەروەها گوتیشی: ئیسلام بەشێکی دانەبڕاوە لە ئەڵمانیا، هەروەك مەسیحییەکانیش بەشێك لە ولاتە ئیسلام نشینەکان پێك دێنن.

لەبەشێکی تری لێدوانەکەیدا ئاماژەشی بەوەدا، کە پێویستە لەو سەردەمەو بۆ گۆجانێکی شایستە، دەرگای دیالۆكو لێك نزیك بوونەوە بکەینەوەو گوێ لە یەکتر بگرین، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ لەرووی بازرگانیو کارو بواری خوێندنو پیشەشدا، هەوڵ بدرێ بێ جیاوازی کار بکەین.

# چین: دۆزینەوەی دەسنوسێکی کۆنی قورئانی پیرۆز



دەزگای هەواڵی (شینخوا)ی چینی رایگەیاند: یەکەی دۆزینەوەی شوێنەواری مێژوویی دەسنوسێکی قورئانی پیرۆز لەپارێزگای (دۆنگشیانگ)ی هەرێمی (قانسۆ)ی باکوری رۆژئاوای چین دۆزراوەتەوە، کە دەگەڕێتەوە بۆ بەر لەسەدەی ١١ی زاینی.

دەزگاکە زیاتر بلاویکردەوە: دەسنوسی قورئانەکە بەزمانی عەرەبی نوسراوەتەوەو، لە ٥٣٦ پەڕی سەمەرقەندی پێکهاتووە.

شایانی باسە: ماوەیەك بەر لەئێستا دەسنوسێکی کۆنتری دیکەی قورئانی پیرۆز، لەمزگەوتی (جیە تسی) کەرتی (چینگهای) باکووری هەمان ولات دۆزرایەوە، کە هی سەدەی ٨ی زاینی بوو.

# توێژەرێکی هۆڵەندی: موسڵمانان خاوەن مێژوویێکی راستن

توێژەرو لێکۆڵەرێکی هۆڵەندی لەزانکۆی (Leiden University) هۆڵەندا، دەریخستووە: مێژووی موسڵمانان زۆر بەرێکیو دروستیەوە نوسراوەتەوەو، شایانی پشت پێ بەستنە.

سباستیان کە ئافرەتێکی توێژەری بواری مێژووی ئیسلامییە، لەدوا توێژینەوەیدا دانی بەوە ناوە: بەگوێرەی ئەو دەستنوسە کۆنانەی کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سالانی دەوروبەری ٧٢٥ی زاینی، زۆر بەوردبینیو رێکیەوە نوسراوەتەوەو، هیچ شوێنی گومانو دوودڵی نییە.

لەتوێژینەوەکەدا هاتووە: هۆی بەدوا داچوونو توێژینەوەم بۆ مێژووی درێژی ئیسلام، قسەی هەندێ لە هاوەلانی خۆم بوو، کە خوێندنەوەیان بۆ مێژووی ئیسلامی وابوو: گوایە لەسەر هەڵەو بێ بناغەیی بونیاد نراوەو، هیچ مەرجێکی زانستی نەبووە، بەڵکو گومانیان وابوو: کە خودی پێغەمبەری ئیسلامیش کەسێکی گوماناویو خەیالاویەو، موسڵمانان هەر لە خۆوە ولاتانیان داگیرکردووە.

شایانی باسە: ئەم توێژینەوەیە بووە جێگەی بایەخێکی زۆری ئەنجومەنی ئەورووپی، هەربۆیەیش بڕی یەك ملیۆن یۆرۆی دا بەخودی توێژەر.